وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

ژمارە: ٤٣٥١ لە ٢٠٢٤/٧/١٤

بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی(٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٧٦٨٢ لە ٢٠٢٤/٦/١١) بریارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (مانگی دانەدانی ئافرەتانی هەرەشەلێکراوی (٧٢) کاتژمێری لە سۆران) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی سۆران بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو دەقەرە .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سە ر دەکرێت .

بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی(٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (سەنتەری شیاندنەوەی ئاڵودەبووانی ماددەی هۆشبەر لە هەر شەش چاکسازییەکانی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو دەقەرانە .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لەسەر دەکرێت .

کۆیستان محمد عبدالله
وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤

- کردنەوەی(سەنتەری نەشتەرگەری چاندنی لوول پێچی گوێ) (زرع القوقعة) لە نەخۆشخانەی رزگاری فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٧/١٧.

د. سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی